حکومەتی هەرێم: هەر بڕە غازێک کە بەرهەم بێت نابێت بەبێ ڕێزامەندی حکومەت بفروشرێت

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، نابێت بەبێ ڕێزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بڕە غازێک بفرۆشرێت بە هیچ لایەنێک.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەنراوەکدا باویکردەوە، بەرهەمی غاز لە کێڵگەی کەرمەر بەپێی گرێبەست لەگەڵ پەرل پترۆلیەم (دانە غاز) تەرخانکراوە بە کەرتی کارەبا. لە ڕاگەیەنراوی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاماژە بەوەشکراوە، بەیە هەر بڕە غازێک کە بەرهەم بێت نابێت بەبێ ڕێزامەندی حکومەتی هەرێم بفروشرێت بە هیچ لایەنێک.
ڕۆژی ڕابردو لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاردرا، وەزارەتی کارەبا گرێبەست لەگەڵ کەمپانیای وزەی (الهلال)ی ئیماراتی بکات بە کەینی غازی کێڵگەی کەرمەر لەیان و بەکارهێنانی بە بەرهەمهێنانی کارەبا لە وەستگەی کەرکوک.